# کورد و ئەڵمانیا و نازییەت!

حەسەن سەیدباقی

گۆڕنکاریەکان سەردەم، هۆشداری دەداتە مرۆڤ، تا بتوانێت ئەرکەکانی بگۆڕێت و بزانێت لە داهاتوودا چی دەکات. ئەوەی ئەمرۆکە لەدەرەوە دەژی، هەست بەو گۆڕانکاریانە دەکات بەتایبەت لە ئەڵمانیا. باری ئابووری و کۆمەڵایەتی، دواتر سیاسی گۆڕانکاری خێرا بەخۆوە دەگرێ و دژ بە پەناهەندەکان بزووتنەوە بەگەڕ دەخرێت. لەساڵی داهاتوودا زیاتر یاساو ڕێساکانی ئەم وڵاتە دەبێتە ڕێگر و بەربەستێکی گران لەبەر بەردەوامی ژیاندا. زۆربەی کوردەکان وەڵامی نێگەتیف ڕووبەڕویان دەبێتەوە، بەتایبەت ئەوەی داوای ڕەگەزنامەی ئەڵمانی دەکات، لەبەر ئەوەی ئەکتەکەی دەکرێتەوەو پاشان سەرە دێتە سەر ئەوانی تر. بەبیانووی ئەوەی سەددام نەماوەو ژیان ئاسوودەو گوزەران ڕووەو باشی دەڕوات. ئەمەش دژی بنەما سەرەکیەکانی مافی مرۆڤە. لەکاتێکدا ئەمە دەگوزەرێت کە ئابووری ئەم وڵاتە ڕووەو هەڵئاوساوی دەچێت. هەروەك لەم ماوەیەدا سریلانکیەکانیشی گرتووەتەو دوێنێش سربیەکان بوو. لەکاتێکدا بانگەوازی باڵوێزخانەو کارمەندە ئەڵمانیەکان دەکات چی خێرایە ئەو وڵاتە(عێراق) بەجێبهێڵن. قەیناکە چوون ئەوانە مرۆڤن و بوونیان هەیە!. بەڵام بۆ عێراقیەکان بە پێچەوانەوە. بەڵێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەی نازیی لەم وڵاتەو دەوڵەتە ئەوروپیەکاندا، ڕوو لەزیاد و ئاشکرابوون دەکەن. هەروەك پارتە نوێکەی ئەڵمانیا _NPD کەو تۆتە جموجوڵ و گەرەکیەتی بە ڕێگەی یاسایی کە پێشتر قەدەغەبوون دەست بەکاربنەوە، هەروەك ئەوەی لە زارلاندا دیمان، لەئەنجامی هەڵبژاردندا ڕێژەی 4٪ یان بەدەست هێنا لەکاتێکدا پارتی سەوزەکان و سۆسیال دیموکراتەکان لە پاشەکشەدان. هەروەها پارتی لیبرالی کە لەناوەڕۆکدا نازیین نزیکەی 5٪ هێناوە وە دیموکرات مەسیحەکان ڕێژەی بەرزیان بەدەست هێناوە 47٪ .

ئەمە بویە هۆی هەست بە مەترسی کردنی زیندوو بوونەوەی نازی. پێدەچێت لە زاکسنیش ڕێژەی بەرز بەدەست بهێنن.(هەرچەند ئەم نووسراوە گەلێ پێشتر نووسیبووم، بەڵام هەنووکە دەستم بەنووسینەوەی کرد کە نازیەکان لە زاکسن نزیکەی 10٪ یان بەدەستهێناوە) لەئەنجامی ئەو بۆشاییەی کەهەیە، بوونی بێکاریەکی یەکجار زۆرو گۆڕانکاری ڕیفۆرمی سۆیالی ئەم وڵاتەیە، نازییەکان دەیانەوێت لەو کەلێنەوە بێنە ژووری، پروپاگندەکانیان بکەن و بیخەنە خزمەت بزووتنەوە دژ مرۆڤیەکەیان بەواتایەکی دی دژی بیانیەکان(پەناهەندەکان). هەروەك ئەزموونی کۆنی ڕایخی سێ و هەڵبژاردنی پارتەکەی هیتلر، و گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن فاشیستەکانەوە، بردنی وڵات و دنیا بەئاقاری شەڕێکی کاولکاردا.

لە ئەڵمانیادا باری ئابووری ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو خراپی دەڕوات، نرخی شمەك لەبەرزبوونەوەدایەو ئاستی گوزەرانی ژیان بەرەو خراپی و بەدەستهێنانی مانگانەی کەم دەڕوات. بۆیە دەکرێت کوردەکان

و گروپە کوردی و بیانیەکان شانبەشانی بزووتنەوەی دژە ڕیفۆرمە تازەکانی ئەم وڵاتە بووەستنەوە لەگەڵ گروپ و لایەن بەرپرسەکانی ئۆپۆزیسیوندا بن. تا بەلانی کەم بتوانرێت بزووتنەوەیەکی واقعی بەگەڕ بخرێت بۆ داهاتووی خۆیان و منداڵەکانیان، کە لەبەردەم مەترسیەکی گەورەدان.

ئەڵمانیا

ئۆکتۆبەری 2004